کورتەچیرۆک

# نیگارە ناتەواوەکان

مەهاباد قەرەداغی

١

دیوارەکانی زیندان ماچ دەکات و نایەوێ ئازاد ببێ. هاوار دەکات: زیندان گیان تۆ ڕۆحی منت پاراستووە، جەستەی منت پاراستووە، خوێنی منت لە ڕژاندن پاراستووە، نامەوێ بەجێت بهێڵم نا!!

– تکایە نامەوێ، دەستم دامێنتان نامەوێ، نامەوێ!

هەنگاوێ لەولای دەرگا پۆلایینەکەی زیندان، گوللەیەکی بچووک، فیشەکی دەمانچەیەکی دیکتاریۆف، دیواری سنگی شەق کرد و لە زیندانی قەفەسی سنگیدا دڵێکی گەورەی شکاوی دۆزیەوە و پێکای.

گوێم لێبوو لە دادگا زۆر کەس بە شانازییەوە باسی براکەیان دەکرد، تەنانەت دایکیشی و باوکیشی دەموچاویان ئافەرینی لێدەباری. لەسەر دۆسییەکەشدا کە بە دەستی پارێزەرەکەوە بوو نووسرابوو: مەسەلەی شەرەف. پارێزەری گشتی هیچی نەبوو بۆ گووتن. ئەمجارەیان جیابوو، نەیدەتوانی بە یاساکانی بەردەستی بیسەلمێنێ خاوەنی ئەو دەمانچەیەی کە دڵێکی سمی، تاوانبارە!

٢

لەو گۆڕستانەدا گڵکۆکەی ئەو تاقەگۆڕێکی بێنازی خاکی بوو. من سەرنجێکی قووڵم دا، بەردی کێلەکەی ناوی لەسەر نەنووسرابوو، بەڵام چەند تاڵە نێرگزێکی خۆڕسک لەژوورسەری و لەسەر دڵی ڕووابوو. نە پێنووسم پێبوو، نە بۆیە، دانووشتامەوە و هەر بە پەنجە پێنووسگرەکانم بە مەرەکەبی با، نووسیم: خۆشەویستی.

٣

کە بەو کۆڵانە تێپەڕیم، گوێم لە دەنگی گۆرانی و چەپڵەبوو. کە گەیشتمە ئاستی دەرگاکە تەماشام کرد برێک سمێڵ بابڕ حەیشەرییانە هەڵدەپەڕین، ئەویش بە شانازییەوە، بە هەمان دەمانچە بەسەر بووکەکەی کە بۆیان دابەزاندبوو، لە خۆشی زاوابوون و پیاوەتی خۆی و لە خۆشی چەند دڵۆپێک خوێنی کچێتی، ڕیزێک فیشەکی بەهەوادا تەقاند.

٤

ئەمیشان زۆر جار سکالای دەکرد لە بێبەختی خۆی، چوونکە لەو ماڵەدا لەدایک بووە و ئەو باوکێتی. هێشتا ئەوەشی نەدەزانی کە باوکی پێش بیست ساڵێک بە خوێنی خۆشەویستی دەستنوێژی هەڵگرتووە و هەزاران جار لەسەر بەرماڵ دەستەکانی بۆ نزاکردن پان کردبووەوە کوری ببێ و ئەفسووس نەیبوو.

تۆ بڵێی لە زیندووبوونەوەی خۆشەویستی دڵگران نەبێ و جارێکی تریش دەستەکانی بە خوێنی خۆشەویستی سوور نەکات؟

٥

دۆسییەکی زەردی تر، لێی نووسرابوو: مەسەلەی شەرەف.

لە دادگایەکی بە ڕەنگی ڕەش بۆیاخکراو، تەرازوویەکی خوار دانرابوو.

پارێزەری گشتی لاڵ بوو.

لە گۆڕستانەکەشدا گڵکۆیەکی بێناز و بێناونیشانی تر بوو بە هاوەڵی کۆنەکەی کە من بە پەنجەم، بە مەرەکەبی با، لەسەریم نووسیبوو: خۆشەویستی.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

کوردستان نێت www.kurdistannet.org